# دەربارەی ئێمە

جیهانی مرۆڤایەتی، لە واتایەکدا دنیای ناسنامەکانە و ئەوەی ناسنامەی نەبێ، هیچ جێ‌پەنجە و شۆپێکی نییە. لەسەر بنەمای ئەو ڕاستی و پێویستییەوە، "کوردشۆپ" دەیهەوێ زمان، ئەدەبیات، جوگرافیای نیشتمان، مێژووی هاوبەش، کەلتوور و کەلەپوور، هونەر و ... هەموو پێکهێنەرەکانی ناسنامەی نەتەوەکەمان لەیەک دەلاقەوە گلێر بکاتەوە تاوەکوو شۆپ و ناسنامەی کوردیش دیارتر و بەرچاوتر بێت.

لە نەبوونی کیانێکی کوردیدا، بە هۆی سیاسەتی تواندنەوەی سیستماتیک لەلایەن نەیارانی کوردەوە، هەموو ئەو بوارانە تا ڕادەی پێویست بایەخیان پێنەدراوە و، زۆر بە کەمی ئاوڕیان لێ دراوەتەوە. بۆیە تا ئێستا زمانێکی یەکگرتوومان نییە، مێژووی ئەدەبیاتمان بە تەواوی کۆ نەکراوەتەوە، جوگرافیا و نیشتمانی پارچەپارچەکراومان بۆ بەشی زۆری خەڵکی ئەم نیشتمانە نامۆیە، بەشێکی زۆری مێژوومان بە قەڵەمی دوژمنان و نەیارانمان نووسراوەتەوە و چەواشە کراوە، کەلتوور و کەلەپووری دەوڵەمەندمان لە ژێر قورسترین تەوژمی بە تاڵان بردن، تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەییدا خەریکی کاڵ بوونەوەیە. شوێنەوارەکانمان بە تاڵان دەبرێن و هونەرمان بە گوێرەی پێویست ئاوڕی لێ نادرێتەوە.

لەدۆخێکی وەهادا ڕێکخراوی کوردشۆپ، وەک ئەرکێکی نەتەوەیی بۆ پاراستنی ئەو سامانە مێژوویی و کەلەپووری و کۆمەڵایەتییەی لە کوردستان هەیە و، بە مەبەستی ئاشناکردنی کوردانی هەر پارچەیەکی کوردستان و تاراوگە لەگەڵ سامانی کەلەپووریی نیشتمانی گەورەیان و هەروەها ئاشنا کردنی خەڵکانی بیانی بە هەموو ئەو بوارانە لە کوردستان، بڕیاریدا ماڵپەڕی کوردشۆپ بکاتەوە و لە هەنگاوی یەکەمدا بە زاراوەکانی کوردیی "کورمانجی و سۆرانی" و هەروەها بە زمانی ئینگلیزی، ئەم ماڵپەڕە بکات بە سەکۆی ڕەنگدانەوەی بەهاکانی کۆمەڵگای کوردستان.

لە سەردەمی ئێستادا دنیای دیجیتاڵی ئەو دەرفەتەی بۆ نەتەوەکانی بێ دەوڵەتیش ڕەخساندووە تاوەکو گوزارشتێکی زیاتر لە ناسنامەی خۆیان بکەن. کوردشۆپ لەو ڕاستایەدا دۆزهەڵگری شۆپی کوردە لەو دنیا فراوانەدا.

ڕێکخراوی کوردشۆپ وەک ڕێکخراوێکی ناحکوومی کە لە "هەولێر"ی پایتەختی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە، بە هەوڵ و هاوکاریی کۆمەڵێک چالاکی خۆبەخش لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ خزمەتکردن بە زمان، مێژوو، کەلتوور و کەلەپووری کورد و گەیاندنی نووچە و زانیاریی باوەڕپێکراو، کارەکانی دەست پێکردووە و هیوادارە بە پشتیوانیی نووسەران، توێژەران، هونەرمەندان، دەرهێنەران و چالاکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، بتوانێ سامانی مەعنەویی کورد لە ماڵپەڕی کوردشۆپدا کۆ بکاتەوە و بیپارێزێ و بۆ خەڵکی جیهان و نەوەکانی داهاتووی بگوازێتەوە.

ماڵپەڕی کورشۆپ هەوڵ دەدات ببێتە ئەرشیڤ و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بۆ هەموو جۆرە زانیارییەک لەسەر مێژوو، زمان، جوگرافیا، دابونەریت، کەلتوور، کەلەپوور، هونەر، شوێنەوار و ... هەر بوارێکی دیکە کە پەیوەندیی بە ژیانی خەڵکی کوردستانەوە هەبێ.

لەم ڕێگایەدا چاومان لە هاوکاریی هەموو دڵسۆزانی کورد و ئەو کەسانەیە  کە خەمی کوردبوون لە دەوری یەکتر کۆمان  دەکاتەوە.

ڕێکخراوی "کوردشۆپ" بۆ خزمەت بە زمان، کەلتوور، مێژوو و هونەری کوردی

2021

**بەرنامە و پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی" کوردشۆپ"**

**بەشی یەکەم**

ناو و لۆگۆ و پێناسەی ڕێکخراو

**مادەی یەکەم**

**یەکەم**/ ناوی ڕێکخراو بە کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی:

ریکخراوی" کوردشۆپ" بۆ خزمەت بە زمان، مێژوو، چاند/کەلتوور و هونەری کوردی

منظمة "کوردشۆپ" لخدمة اللغة، التاریخ، الثقافة والفنون الكوردية

KURDSHOP Organization for promoting Kurdish language, history, culture and art

**دووەم**/ کورتکراوەی ناوی ڕێکخراو " کوردشۆپ" و ئارم و لۆگۆی تەواو و کورتکراوی بۆ میدیا:

سێیەم/ هێما و لۆگۆی ڕێکخراوی "کوردشۆپ" بە پیتی کوردی لاتینی"KURDŞOP" کە بە ڕەنگی سپی لەسەر زەمینەی سوور نەخشێندراوە، دەناسرێتەوە. دروشمی ڕێکخراو بریتییە لە:

**"چاندمان ناسنامەمانە"**

**چوارەم/** پێناسەی ڕێکخراو:

- ڕێکخراوی "کوردشـــۆپ" لە بـاری حقووقی و حەقیقییەوە ڕێکخراوێکی نـاحکوومیی قـازانج نەویسـتی سـەربەخۆیە کە لەسـەر بنەمای یاسـای پەسـندکراو و ڕێپێدراوی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان بۆ ڕێکخراوە مەدەنییەکان دامەزراوە. ڕێکخراوی کوردشـۆپ بەدەر لە هەرچەشـنە جیاوازی دانانێکی ڕەگەزی، کۆمەلایەتی، ئایینی، فیکری و جوغرافیایی، دەیهەوێ لە سـەر بنەمای کولتووری دێموکراسی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی، لەپێناو گەشەپێدانی زمان، چاند، مێژوو، هونەر و کەلەپووری کوردی و ناسـاندنی شـوێنەواری دێرینی کوردسـتان، تواناکانی بخاتە خزمەت هاووڵاتیانی کوردستان.

**مادەی دووەم/** سنووری کارکردن و ناونیشان:

بنکەی سـەرەکیی ڕێکخراوی کوردشـۆپ لە "هەولێر"ی پایتەختی هەرێمی کوردسـتان دەبێت، لە ئەگەری پێویستدا ڕێکخراو دەتوانێت بەپێی ڕێسا یاساییەکان، لە شارەکانی دیکەی کوردستان و لە وڵاتانی هەندەرانیش لقی خۆی بکاتەوە.

Email: Info@kurdshop.net

Tel: (+964-751-460-9262) - (+964-751-430-3262)

## بەشی دوویەم

ئامانجەکان و چۆنیەتی کارکردن و بەدیهێنانی ئامانجەکان

**مادەی سێیەم/** ئامانجەکان و چۆنیەتیی کارکردن

**یەکەم/** ئامانجەکانی ڕێکخراو:

بە پابەندبوون بە یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتی و باڵاکانی هەرێمی کوردستان کە بنەمای سەرەکی و بەرپرسیارەتیی ڕێکخراوی کوردشۆپە، ئەو ئامانجانەی کە لە خوارە ئاماژەیان پێ دراوە، جەوهەری سەرەکی کارەکانمانن و دەمانهەوێ بە شێوازێکی مەدەنی و ئاشتیخوازانە بۆ وەدیهێنانیان تێبکۆشین.

– هەوڵدان بۆ وشیارکردن و جووڵاندنی هەستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەپێناو خاوەنداریەتی کردنیان لە ناسنامە و بەها نەتەوەیی و نیشتمانییەکان.

– پەرەپێدان بە کەلتووری تولێرانس و تەبایی، بۆ ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان و پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان سەرجەم گرووپ و پێکهاتەکانی ئاینی، کۆمەلایەتی، زاراوەیی، ڕەگەزی و فیکری، دوور لە توندوتیژی لە نێو کۆمەلگای کوردستاندا.

– بەدیکیۆمێنت کردن و گەشەپێدانی سامانی نەتەوەیی لە بوارەکانی: مێژوو، زمان، چاند، هونەر، میوزیک و فۆلکلۆر و شوێنەواری مێژووییدا.

- بەرهەمهێنانی دیکومەنتار، دراما، فیلم، کلیپ، کارتۆنی مندالان، وانەی خوێندنی کوردی و بەرنامەی تایبەت بە زمانی کوردی و بلاوکردنیان لە سۆشیالمیدیادا بەمەبەستی وشیارکردنەوە و بەرزکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و ناساندنی جوغرافیا و شکۆمەندیی نیشتمانەکەمان لە ناوخۆ و لە جیهاندا.

**دووەم/** چۆنیەتیی کارکردن:

بە هەموو شیوازێکی کاری مەدەنی و ئاشتیخوازانە، ئەم ڕێکارانەی کە لە خوارەوە هاتوون، بۆ کارەکانمان بە بنەما دەگرین:

- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی سمینار و کۆرسی پەروەردەیی زمان، چاند، هونەر، مێژوو.

- وتووێژ لەگەڵ زمانەوانان، هونەرمەندان و شارەزایانی مێژوو و تۆمارکردن و بڵاوکردنەوەی فیلمەکانی لە سۆشیالمیدیادا تاکوو هەرکەسێک بتوانێ لە هەر کاتێکدا سوودی لێ وەربگرێت.

- تۆمارکردن و بەرهەمهێنانی فیلم و کورتە فیلم و گرتەی ڤیدیۆیی لە هونەرمەندانی (سینەماکار، گۆرانیبێژ و میوزیکژەن و گرووپی هەڵپەرکێ) و بلاوکردنەوەی لە سۆشیالمیدیادا.

## بەشی سێیەم

### پرنسیپەکانی کارکردن

**مادەی چوارەم**/ بنەماکانی کارکردن بۆ کاری ڕێکخراو:

- پابەندبوون بە یاساکانی نێودەوڵەتیی تایبەت بە بنەماکانی مافی مرۆڤ.

- پەیگیریکردنی یاسا بەرکارەکانی هەرێمی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییە گشتیی و باڵاکانی هەرێمی کوردستان.

- پاپەندبوون بە کولتووری دیموکراسی و گیانی یەکتر قبووڵکردنی پێکهاتە جیاوازەکانی کوردستان و پاراستنی ئاشتەوایی کۆمەلایەتی.

- پابەندبوون بە شێوازەکانی خەباتی مەدەنی

تێبینی:

- ئەو لقانەی ڕێکخراو کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن، پابەندی یاسا پەیرەوکراوەکانی ئەو شوێنانە دەبن کە لێی کار دەکەن.

## بەشی چوارەم

ئەندامەتیی ڕێکخراو و مەرجەکانی

**مادەی پێنجەم/** ئەندامەتی:

- لە تەمەنی یاسایی (١٨) ساڵییەوە، بەدەر لە سنوردارکردنی: ڕەگەز، ئایین، نەتەوە، جوغرافیا، هەر تاکێکی خاوەن توانا کە بیهەوێت دڵخوازانە و بێ بەرانبەر لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوی کوردشۆپدا کار بۆ ئامانجەکانی ڕێکخراو بکات، دەتوانێ ببێتە ئەندام و چالاکڤانی کوردشۆپ.

- جیا لە تاکەکان، کۆمەل و گرووپی هونەری و دامەزراوەکانی کەلتووریی دەتوانن ببنە ئەندامی ڕێکخراوی کوردشۆپ.

**تێبینی:** وەرگرتن یان دەرکردنی ئەندام لە دەسەلاتی دەستەی کارگێڕیدایە.

**مادەی شەشەم/** مەرجەکانی ئەندامەتی:

- تەمەنی یاسایی (١٨) ساڵی تەواو کردبێت.
- بە نووسراوی فەرمی داوای ئەندامەتی لە ڕێکخراودا بکات.
- ئامانجەکانی ڕێکخراوی کوردشۆپ قبوول بکا و بۆ وەدیهێنانیان خەبات بکات.
- لە بەرامبەر کارەکەیدا داوای وەرگرتنی مووچە نەکات.
- پابەندی پرەنسیپە گشتییەکانی ڕێکخراو بێت.
- ئابوونەی ئەندامەتی بدات.

## بەشی پێنجەم

ئەرکەکان و مافەکانی ئەندامان

**مادەی حەوتەم/** ئەرکەکانی ئەندام:

- بەبێ هەرچەشنە فەرق و جیاوازیدانان و هەلاواردنێک، ڕێز لە سەرجەم بەهاکانی کولتووری، ئایینی، زاراوەیی، کۆمەلایەتی و ڕەگەزیی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بگرێت و بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی کوردشۆپ چالاکی بکات.
- ڕاپەراندنی ئەرکی ڕێکخراو بە پێی شارەزایی لە بواری دیاریکراودا.

– هەوڵدان بۆ بەربڵاوکردنی تۆڕی پێوەندی کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی ســەرچاوەی یارمەتیدەر بۆ کوردشۆپ.

– دەستپاکی لە پاراستنی دارایی و تەکنۆلۆژی، ئەمانەتداری لە پاراستنی نهێنییەکانی ڕێکخراو.

– پابەندبوون بە دانەوەی ئابوونەی مانگانە.

**مادەی هەشتەم/** مافەکانی ئەندام:

– دەبێتە خاوەن ناسنامەی تایبەت بە ڕێکخراو.

– مافی بەشــداریکردن لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراو و ڕادەربرین و لێپرســینەوە و وڵام وەرگرتنی هەیە.

– بە پێی پەیرەوی ناوخۆ، مافی دەنگدانی لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراودا هەیە.

– مافی تانەلێدانی لە بەرپرسان و بڕیارەکانی ڕێکخراوی هەیە.

–ئەندام مافی ئاگادار بوون لە چالاکییەکانی ڕێکخراوی هەیە.

– مافی وەرگرتنی بەرپرسایەتی لە ڕێکخراودا هەیە.

– مافی وەرگرتنی ڕێزلێنان و پاداشی مەعنەوی هەیە.

– مافی دەست لەکار کێشانەوە و وازهێنان لە ڕێکخراوی هەیە کە دەبێ بە نووسراو بێت.

**بەشی شەشەم**

## سەرپێچی و سزاکان

**مادەی نۆیەم/** سەرپێچییەکانی سزاهەڵگر:

- بەکار هێنانی کەلوپەل و ئیعتباری ڕێکخراو بۆ بەرژەوەندیی کەسی.

- دروستکردنی ئاستەنگ و نانەوەی کێشەی ئیداری لە نێو ستافی ڕێکخراودا.

- پابەندنەبوون بە بەرنامە و پەیرەوی ڕێکخراو و زڕاندنی ناوبانگی ڕێکخراو.

- ئامادەنەبوونی بەئەنقەسـت و بێ پاسـاو لە کۆبوونەوەکانی ڕێکخراودا کە چەندجار دووپات ببێتەوە.

- پابەندنەبوون بە یاسـا بەرکارەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردسـتان و بڕیارەکانی فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکوومییەکان.

- پابەندنەبوون بە یاساکانی ئەو وڵاتانەی هەندەران کە چالاکیی لقی ڕێکخراوی لێیە.

- بە فیڕۆدانی دارایی، یان شـوێن بزرکردنی سـامانی ڕێکخراو، یان کەڵکی خراپ وەرگرتن لە متمانە و ئیمکاناتی ڕێکخراو، یان هەرچەشنە سەرپێچییەکی سەلمێندراو، ئەو ئەندامە بە پێی یاسای ئەو وڵاتەی کە پێشێلکارییەکە تێیدا ڕوویداوە، سزا دەدرێت.

**مادەی دەیەم/** سزاکانی دیاریکراو بۆ ئەندام:

- سەرکۆنەی زارەکی و ورياکردنەوە

- سەرکۆنەی بەنووسراو

- سڕکردن

– لێسەندنەوەی مافی ئەندامەتی

**لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا ئەندامەتی لە ڕێکخراودا بە زۆرەملێ هەڵدەوەشێتەوە:**

–ئەگەر ئەندام کارێکی نەشـــیاو و دژ بە یاســـا بکات کە زەربەی گەورە لە بەناوبانگی ڕێکخراو بگەینێت.

–ئەگەر ئەندام پەیوەندی بە گرووپە تیرۆریســـتی و لە یاســـا دەرچووەکانی دژ بە مافی مرۆڤەوە هەبێت.

**تێبینی:**

– لە کاتی پابەندنەبوونی ئەندام بە پەیرەو و پرەنســـیپەکانی ڕێکخراو، یان نەدانەوەی ئابوونەی مـانگـانە، بەفیرۆدانی دارایی و ئەموالّی ڕێکخراو، کەڵکی خراپ وەرگرتن لە ئیعتیبـاری ڕێکخراو و هەرچەشـنە پێشـێلکارییەکی نایاسـایی، بە دەنگی نیوە کۆ یەکی دەسـتەی کارگێڕی، مافی ئەندامەتی لێی دەسەندرێتەوە.

## بەشی حەوتەم

پەیکەری ڕێکخراو و چۆنیەتیی کارکردن

**مادەی یازدەم/** پەیکەری ڕیکخراو پێک دێت لە:

یەکەم/ دەستەی دامەزرێنەران: پێک دێت لە (٥) کەس یان زیاتر کە دامەزرێنەرانی ڕێکخراون.

دووەم/ دەستەی گشتی: پێک دێت لە سەرجەم ئەندامانی ڕێکخراو.

سێیەم/ دەستەی کارگێڕی: پێک دێت لە سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەڕێوەبەرەکان.

**ماددەی دوازدەم/** دەسەڵاتەکانی دەستەی دامەزرێنەر:

دەستەی دامەزرێنەران لە (٥) کەس یان زیاتر پێک دێت کە تیایدا بەرپرسن لە دامەزراندنی ڕێکخراو.

١. هەڵوەشاندنەوەی بە دەنگی (١+٥٠)ی دامەزرێنەران.

٢. پێشکەشکردنی پێشنیار بۆ دەستەی کارگێڕی.

٣. هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن و بەدواداچوونی چالاکیەکانی ڕێکخراو.

**ماددەی سێزدەم/** دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی:

دەستەی گشتی پێک دێت لە گشت ئەو ئەندامانەی کە مافی ئەندامێتیان هەیە و دەتوانن دەنگ بدەن و خۆیان بپاڵێون.

دەستەی گشتی لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و نهێنی دەتوانێت سەرۆک و جێگری سەرۆک و بەرپرسی بەشەکان و (٢) ئەندامی یەدەگ هەڵبژێرێ.

**ماددەی چواردەم/** دەستەی کارگێڕی و دەسەڵاتەکانی:

**یەکەم**/ پێکهاتەی دەستەی کارگێڕی:

١. سەرۆکی ڕێکخراو

٢. جێگری سەرۆکی ڕێکخراو

٣. بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیەکان

**دووەم**/ دەسەڵاتەکانی دەستەی کارگێڕی:

١. دەستەی کارگێڕی لە نێوان دوو هەڵبژاردندا بەرپرسە لە کاروباری کارگێری و دارایی ڕێکخراوەکە.

٢. بە ڕێژەی زۆرینەی ئەندامان(١+٥٠) دەتوانێت لەگەڵ ڕێکخراوێکی دیکە یەک بگرێتەوە یان تۆڕ پێک بهێنێت.

٣. ئامادەکردن و داڕشتن و پەسندکردن و بەرزکردنەوەی پڕۆژەکان و بڕیاردان لەسەر نوێنەر بۆ واژوو کردنی گرێبەستەکان.

٤. لەسەر پێشنیاری زۆرینە دەستەی کارگێری دەتوانرێت لقی تازە لە شارو شارۆچکەکان یان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە.

٥. بە بڕیاری (٥٠ + ١) دەستەی کارگێڕی دەتوانرێ ڕێکخراوەکە هەڵبوەشێنێتەوە یان ناو و لۆگۆی بگۆڕدێت.

٦. بە بڕیاری (٥٠ + ١) دەستەی کارگێڕی دەتوانرێت پەیڕەوی ناوەخۆی ڕێکخراوەکە بگۆڕدرێت یان هەموار بکرێتەوە.

**ماددەی پازدەم**/ دەسەڵاتەکانی سەرۆک:

١. ڕێنمایی کارگێڕی دەردەکات و واژوو لەسەر نوسراوەکان دەکات و مافی بڕیاردانی لەسەر گرێبەستەکانی ڕێکخراوەکە هەیە.

٢. سەرپەرشتی بەشەکان و لقەکانی ڕێکخراو دەکات و کارەکانیان دابەش دەکات.

**ماددەی شازدەم/** دەسەڵاتەکانی جێگری سەرۆک:

جێگر لە کاتی ئامادەنەبوونی سەرۆک بە هەر هۆیەک یان لەسەر کارلاچوونی، کارەکانی سەرۆک ئەنجام دەدات.

## بەشی هەشتەم

داهاتی ڕێکخراو

**مادەی حەڤدەم/** سەرچاوەی داهاتی ڕێکخراو:

- هاوکاریی مادی و مەعنەویی حکوومەتی هەرێمی کوردســـــتان، یان هەر لایەنێکی پەیوەندیداری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لەپێناو بەرەوپێشبردنی پرۆژەکانی ڕێکخراو.

- داهاتی بەکارهێنانی داراییەکانی ڕێکخراو لە چالاکییە بەرهەمهێنەرەکانی مۆڵەت پێدراودا.

- داهاتی بەرهەمەکانی ڕێکخراو لە یوتیوب و تیڤی و ریکلامەکانی سۆشیالمیدیادا.

- ئابوونەی مانگانەی ئەندامانی ڕێکخراو

**مادەی هەژدەم /** تۆمارەکانی ڕێکخراو:

– تۆماری ناو و زانیاریی پەیوەندیدار بە ئەندامان، قائیمەی هەموو ئەو ئەندامانەی ڕێکخراو لە خۆ دەگرێتەوە کە لە ڕیزی ڕێکخراودا بە شێوەیەکی ڕێکخستنی چالاکییان هەیە.

– تۆماری بڕیارەکان، تەواوی ئەو بڕیار و بەڵگەنامە پێبەندبووەکانی دەســـــتەی دامەزرێنەر و دەستەی کارگێڕ لە خۆ دەگرێتەوە کە کارەکانی ڕێکخراو ڕێکدەخەن و بەڕێوەی دەبەن.

– تۆماری ژمێریاری، هەمو ئەو قائیمانەی داهات و دەرکەوت و ماوەی سندووق لە خۆ دەگرێتەوە کە بە شێوەی حیسابداریی مۆدێرن، پشتیان پێ دەبەسترێتەوە.

– تۆماری بنەڕەت، هەموو ئەو بەڵگەنامە فەرمی و مۆڵەت پێدراوانەی ڕێکخراو لەخۆدەگرێتەوە کە لە لایەن ڕێکخراوەوە دەرکراون، یان بە نووســـــراو بۆ ڕێکخراو هاتوون، کە بە پێی یاســـــای ڕێپێدراوی ڕێکخراو ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون.

**هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو**

**مادەی نۆزدەم** /هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو

**یەکەم**/ هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانە

لەحاڵەتی بە ئارەزوومەندانەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراودا، هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو بە گوێرەی پەیڕەوی ناوەخۆی دەبێت، واتە بە دەنگی ٥٠+١ ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەر، یان بە دەنگی ٥٠+١ ئەندامانی دەستەی کارگێڕی ڕێکخراو دەبێ.

**دووەم**/ هەڵوەشاندنەوەی بە نائارەزوومەندانە

له حاڵەتی بە زۆر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو، بڕیاری دادگای بەرایی یەکلاکەرەوە دەبێت. لە وەها حاڵەتێکدا بۆ موڵک و دارایی (گوێزراوە یان نەگوێزراوە) بە پێی ماددەی (١٧) بڕگەی (١،٢) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠١١ پەرلەمانی کوردستان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.